# گرنگی لەدەستدان و پەیداکردنی بەهای زمان

کازم عەباس زەندی

ڕاستییەکەی هەڵکەوتنی نەتەوەکان بەپێی کاریگەری سەردەمەکان و لە دەرئەنجام و لەڕێی کار و کردەوەیەکدا گەشەیان کردووە و سوڕی پێگەیشتنیان تەواو بووە، بۆیە هەر نەتەوەیەک هەوڵ دەدات لە ڕێگەیەکەوە پێناسەی خۆی بکات و بەردەوامی بە مانەوە و پاراستنی خۆی بدات، بۆ نموونە فارسەکان مێژوو بە سەرچاوەی بوونی خۆیان دادەنێن، بۆیە بە مێژوو خۆیان دەناسێنن، تورکەکان بە دەسەڵات، هەردەم هەوڵیش دەدەن لەڕێی هێز و دەسەڵاتەوە خۆیان بسەپێنن، عارەبەکان بە ئایین، هەردەم ئایینیش دەکەنە داردەست و خۆیانی پێ دەپارێزن، ئێمەی کوردیش بە زمان، بۆیە بە هەبوونی زمانەکەمان بوونی خۆمان دەسەلمێنین و مانەوەی زمانەکەمان بە مانەوەی خۆمان دەزانین، ئەمەش وای کردووە زمان بۆ ئێمەی کورد لە هەموو پێکهاتە و کایەکانی دیکەی نەتەوەییمان گرنگتر بێت، لەبەر ئەوە پێویستە وا بکەین زمانەکەمان گرنگی لەدەست نەدات و بایەخ و بەها پەیدا بکات، ئەمەش بە خزمەتکردنی دەبێت، چونکە زمان لە شێوەی دارێکی بەرهەمدار گەشە و نەشونما دەکات و سوڕی پێگەیشتنی تەواو دەبێت، ئەوجا ئەو بەرهەمەت پێ دەدات کە پێویستت پێی دەبێت، ئاشکراشە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمان لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا، گرنگی بە دەست دەهێنێت و بەها پەیدا دەکات، چونکە وا دەکات نووسینی پێ بکرێت و لە کارگێڕی دەسەڵات بەکار بهێنرێت، بەمەش قۆناغی سادەیی و هەڕەمەکی تێ دەپەڕێنێت و شێوەزارە جیاوازەکانی لەیەکتر نزیک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت، ئەوە ئەو زمانە گرنگی خۆی لەدەست دەدات و ئەو بەهایەی نامێنێت کە پێویستە هەیبێت، چونکە وا دەکات زمانەکە بە شێوەیەکی دروست گەشە نەکات، هەر شێوەزارێکی بە

ئاراستەیەکی جیاوازدا بڕوات و لەیەکتر دوور بکەوێتەوە، بەمەش ئەو زمانە لە پاشاگەردانیدا دەمێنێتەوە و ناتوانێت هاوبڕکێی زمانێکی زاڵ بکات، لەبەرئەوەی گرفتەکانی ئەوەندە ئاڵۆز دەبێت، کە لە زمانێکی خزمەتکراو نەچێت، بەم هۆیەوەش ئەو زمانە لەبەر چاوی ئاخێوەرانی بە لاواز دەردەکەوێت، ئاخێوەران هەست و سەرنجێکی بە کەمزانینیان بۆ زمانی خۆیان لەلا دروست دەبێت، کە لەوانەیە بە تێپەڕینی کات و کاریگەرییەکان، ئاخێوەرە بێ هەست و ئاساییەکان وا لێ بکات بە دوای زمانێکی جێگرەوەدا بگەڕێن، کە دواتر نەتوانرێت ڕێگرییان لێ بکرێت، چونکە کە ئاخێوەر زمانەکەی بێ بایەخ و ناچار کرا، یان بە ویستی خۆی زمانێکی تری بەکار هێنا، بە دڵنیاییەوە لە دواڕۆژدا بە زمانی دووەم ئاشنا دەبێت و بەکارهێنانی ئەو زمانەی بەلاوە ئاسایی دەبێت، لەم حاڵەتەشدا بەو زمانە ڕادێت و هەر بەو زمانەش بیر دەکاتەوە، بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی زمان و نەتەوەکەی خۆیدا نابێت، چونکە لەلایەکەوە بە زمانەکەی خۆی نامۆ دەبێت و لەلایەکی دیکەوە لە مێژووی نەتەوەکەی دادەبڕێت، بۆیە پێویستە لە پلەی یەکەمدا زمان لە پرۆسەی خوێندندا بەکاربهێنرێت، ئەوجا هەڵی کار و بژێوی پێوە گرێ بدرێت و لەبوارەکانی دادوەری و ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و وەرزشی... تاد بەکاربهێنرێت تا بەها و گرنگی بۆ ئاخێوەرانی دەربکەوێت.

ئاشکرایە هەر زمانێک بەپێی ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە پێیدا تێپەڕیوە، گرنگی و بایەخی بۆ پەیدا بووە، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا، پرۆسەی خوێندن و فێرکردن یارمەتیدەر و هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی زمان گرنگی بەدەست بهێنێت و بایەخ پەیدا بکات، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی بووە لەم دوو بوارەی خوارەوەدا، کە وای کردووە کاریگەری دروست بکات و لەم پرۆسەیەدا بەکار بهێنرێت.

بواری یەکەم: هەبوونی دەسەڵاتێکی خۆماڵی بووە، چونکە دەسەڵات دەتوانێت ئەو بوارە بڕەخسێنێت تا زمان لە کارگێڕی فەرمانڕەوایەتیدا بەکاربهێنرێت و پاڵپشتی و زەمینەسازی بکات تا لە پرۆسەی خوێندن و نووسیندا بسەپێنرێت، هەروەک دەزانین ئەمەش بۆ ئێمەی کورد نەبووە، چونکە هەرگیز دەسەڵاتێکی خۆماڵی و سەرتاسەری بە ناوی کورد لەسەر خاکەکەماندا نەبووە بۆ ئەوەی زمانەکە بەکار بهێنرێت و لەگەڵیدا خزمەت بکرێت و پێی بخوێنرێت، بەڵکوو ئەوەی هەبووە چەند میرنشینێکی ناوچەیی بچووک بووە، کە خەمی زمانیان بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە، چونکە هەردەم ژێردەستە بوونە و بەزمانێکی زاڵ خوێندن و نووسینیان کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نووسەرانی بە زمانی تر گۆش ببن و بنووسن، ئاخێوەرانی شێوە جیاوازەکان بەرژەوەندی خۆ نزیک خستنەوەیان بۆ یەکتر دروست نەبێت.

بواری دووەم: هەبوونی دەقێکی ئایینی بە زمانەکە بووە، چونکە لە سەردەمی کۆندا، زمانی خوێندن و نووسین ئەو زمانە بوو کە زمانی دەقی ئایینی پەیڕەوکراو بوو، زمانی دەقەکانیش (ئاڤێستا بۆ زەردەشتییەکان، عیبری بۆ جوولەکەکان، لاتینی بۆ مەسیحییەکان، قورئان بۆ موسڵمانەکان) بوو، لەمەشڕا دیارە کە لە دوای لە ناوچوونی میدییەکان، خوێندن و نووسین بە زمانی مادی- کوردی نەکراوە، چونکە ئاڤێستا وەرگێڕرایە سەر زمانی

هەخامەنشـیییەکان (٥٢٣ پ ز)، ئەمـەش وایکـرد دواتـر زمـان و خەتـی میدییـەکان لـە نووسـین و خوێنـدن بـەکار نەهێنرێـت، بەڵکوو لـە سـەردەمی هەخامەنشییەکانەوە (شـەش سـەدە پێش زاییـن) تـا هاتنـی ئیسـلام، خوێنـدن و نووسـینی کـوردی بـە تامـی فارسـی بکرێـت، پاشـان کـە ئایینـی ئیسـلام پـەرەی سـەند و بڵاوبـووەوە، زمانـی عەرەبـی قورئانـی بـۆ بەکارهێنـرا، لـە سـەردەمی نوێشـدا (لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە) کـە دەوڵەتـە نەتەوەییـەکان دامەزرێنـران، نووسـین و خوێندنـی کـوردی لەهـەر وڵاتێکـدا، بەزمانێـک سـەپێنراوە، کـە زمانـی نەتـەوە سەردەسـت و دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان بـووە، تەنیـا لـە بەشـی باشـووریدا نەبێـت کـە زمانـی کـوردی لـە پرۆسـەی خوێنـدن و نووسـیندا بـەکار هاتـووە، ئەمـەش وای کـرد لـەم بەشـەدا زیاتـر خزمـەت بکرێـت و بایـەخ و بەهـا پەیـدا بـکات، لەکاتێکـدا لـە بەشـەکانی دیکـەدا قەدەغـە بـووە، یـان خوێنـدن و نووسـینی پـێ نەکـراوە، یـان بـە پـلان و بـە بەرنامـەی بـۆ داڕێـژراو بـێ بەهـا و بـێ بایـەخ کـراوە.

ئەگـەر ئێسـتا، بەراوردێـک لـە نێـوان گرنگـی و بەهـای زمانـی کوردیـدا بکەیـن لـە پێـش ڕاپەڕیـن و دوای ڕاپەڕینـی (١٩٩١ز) لـە کوردسـتانی باشـوور، دەبینیـن جیاوازییەکـی زۆر لـە نێـوان ئـەم دوو سـەردەمەدا دەرکەوتـووە، چونکـە بـەر لـە ڕاپەڕیـن لەگـەڵ ئـەوەی ئەقڵـی داگیرکـەر لـە پشـت داڕشـتنی بڕیارەکانـدا بـوو، کـە ئەویـش لـە بەرژەوەنـدی کـورد و زمانەکەیـدا نەبـوو، بۆیـە کەمتریـن توانایـی و پاڵپشـتی بـۆ زمانەکـە هەبـوو، بـەڵام ئـەو کات زیاتـر هـەوڵ دەدرا گرنگـی و بەهای بـۆ دروسـت بکرێـت، چونکـە کۆمەڵێـک مامۆسـتای بەهرەمەنـد و شـارەزا و دڵسـۆز و خەمخـۆر و بەسـەلیقەی زمـان هەبـوون، کـە خزمەتکردنـی زمانـی کوردییـان بـە ئاراسـتەیەکی ڕاستودروسـتدا دەبـرد، هەروەهـا تێڕوانینـی ئاخێـوەری ئاسـایی کوردیـش جیاوازبـوو، چونکـە هەسـتێکی پاکیـان بەرانبـەر بـە زمانەکـەی خۆیـان هەبـوو، کـە لەگەڵیـدا ئەوەنـدە وەفاداربـوون، نەیاندەهێشـت زمانـی کـوردی گرنگـی لەدەسـت بـدات، لەگـەڵ ئـەوەی زمانـی عەرەبـی لـە هەمـوو بوارەکانـدا بەسـەریدا زاڵ بـوو.

بـە داخـەوە لـە دوای ڕاپەڕیـن، ئـەم خزمـەت و بەهـا و وەفادارییـە بـۆ زمانەکـە بـەرەو کـزی چـوو، ئەگەرچـی تواناییەکـی زۆری مـاددی و مەعنەویشـمان لـە بەردەسـتدابوو، داگیرکـەر لـە چەقـی بڕیـار دوور کەوتبـووەوە و دەسـەڵاتی خۆماڵـی جێگـەی گرتبـووەوە، چەنـدان پرۆفیسـۆر و بڕوانامـەداری زمانەوانیشـمان تێـدا هەڵکـەوت کـە تێـز و توێژینـەوەی زۆریـان لەسـەر زمانـی کـوردی دەکـرد، بـەڵام ڕاسـتییەکەی نەیانتوانـی لـەو خزمەتـە زیاتـر بکـەن کـە لەپێشـتردا کرابـوو، لەهەمـان کاتـدا نەشـیانتوانی ئـەو بەشـە بکەنـە چراڕێگەیـەک کـە بەشـەکانی دیکـە چـاوی تێببـڕن و بـە ڕێگەچـارە و توێژینەوەکانیـان پابەنـد ببـن، ئەمـەش ئەنجامـی ئەوەیـە، چونکـە بەر لـە ڕاپەڕین چەنـدان بەهرەمەنـد و سـەلیقەداری زمانەوانـی، بـە تایبەتمەنـدی زمانـی کـوردی خۆیـان بـە خـاوەن و خزمەتـکاری زمانەکـە دەزانـی، بـەڵام ئێسـتا ئـەو کەسـانە پەراوێزخـراون، لەجیاتـی ئـەوان کاسـانێک خۆیـان بەدەمڕاسـتی زمانەکـە دەزانـن کـە لـە ئاسـتی بەرپرسـیاریەتیدا نیـن، لەهەمـان کاتـدا شێوەزارپەرسـتی و ناوچەییـش زاڵ کـراوە، بۆیـە ئـەوەی ئـەوان بـۆ زمانـی کوردییـان دەکـرد پرۆفیسـۆرەکانی ئێسـتا ناتوانـن بیکـەن، ئەگەرچـی ڕاسـتە بڕوانامـەدار و شارەزاشـن، بـەڵام

بەداخەوە بەهرەمەند نین، یان بەهرەمەندن و سەلیقەی زمانەوانییان، بەتایبەتمەندی زمانی کوردی نییە، چونکە تا بەزمانێکی دیکە بیر نەکەنەوە، ناتوانن بیر لە گرفتی زمانەکەی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش وای کردووە کەسێکی لێهاتوو هەڵ نەکەوێت کە بتوانێت بە هەر سێ پلە و پایەی بڕوانامە و بەهرە و سەلیقە خزمەتی زمانی کوردی بکات، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە بۆ خزمەتکردنی زمان، بڕوانامە بەتەنیا مەرجی پێشخستن نییە، ئەگەر بەهرە و سەلیقەی زمانەوانی بەتایبەتمەندی زمانەکەی خۆتی لەگەڵدا نەبێت.

ئەو پارێزبەندییەی کە بەر لەڕاپەڕین بۆ زمانی کوردی لە بەرانبەر زمانەکانی دیکە دروست کرابوو، ئێستا بە پاساوی سیستمی سویدی و بە بەئینگلیزیکردنی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن تێک شکێنرا، چونکە زیاتر گرنگی بە زمانی تر درا و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ڕەچاو نەکرا، لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەش هەلی کار و بژێوی بە زمانی ترەوە گرێ درا، بەردەوام بەرژەوەندی بۆ ئاخێوەری کورد دروست دەکرا تا خۆی فێرە زمانی دیکە بکات، ئەمەش لە هیچ شوێنێکی دنیادا ناکرێت، کە میللەتێک هەبێت، زمانی خۆی بێ بایەخ بکات و گرنگی بۆ زمانی دیکە دروست بکات، لەکاتێکدا زمانەکەی خۆی هەموو تواناییەکی هەبێت و بتوانێت پێداویستییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لەلای ئاخێوەرانی گرنگی لەدەست بدات و ئەو کەسانەی کە دێنە کوردستان بەها بۆ زمانەکە دانەنێن، چونکە لەجیاتی ئەوەی ئەوان فێرە زمانی کوردی ببن، ئاخێوەری کورد ناچاردەکرێت فێرە زمانی ئەوان ببێت و خۆی بە زمانی وان ڕابهێنێت، ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاخێوەر و خوێنەدەواری کورد دروست کرد، چونکە کارێکی وای کرد خوێندکاری زانکۆ بە تێکشکاوی بە زمانە زگماکەکەی خۆی بدوێت و بە ڕێنووسێکی هەڵە بنووسێت، بەبێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری بکات کە خوێندەوارێکی کوردە و بە زمانەکەی خۆی نازانێت بەتەواوی بخوێنێت و بنووسێت، بەڵکوو لافی ئەوە لێ بدات کە نووسین و زمانی تر دەزانێت، لەمەشدا دەسەڵات و هەموو ئەو کەس و دامودەزگایانە گوناحبارن کە زمانی کوردییان بەو ئاراستەدا برد، چونکە دەتوانرا بەشێوەیەکی ڕاستتر مامەڵە لەگەڵ پرسی زمانەکەماندا بکرێت، زەمینەیەکی لەبار بۆ خزمەتکردنی بڕەخسێنرێت، کە ئەم قۆناغە وەک بناغە بۆ نەوەکانی داهاتوو سەیربکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەکرا، دەبێت چاوەڕوانی هەلێکی دیکە بکەینەوە ئەگەر بۆمان بڕەخسێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هۆکار و کاریگەرییانەی کە بە درێژایی مێژوو، بەسەر کورد و زمانەکەیدا هاتووە، دەبینین هەر زمانێک لەجێی زمانی کوردیدا بوایە دەمرد، یان دەتوایەوە، چونکە لە هیچ سەردەمێکدا زمانی کوردی ئەو گرنگی و بەهایەی نەبووە کە زمانە زاڵەکان هەیانبووە، بەڵام ماوەتەوە و نەمردووە، چونکە زمانی کوردی نەتەوەی دروست کردووە و لەسەر چەندان کۆڵەگەی بەهێز و بنەمای ڕێزمانی پتەو بنیادنراوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین نەدەپووکێتەوە، نە لە گەشە دەوەستێت، هەر کاتێک پاڵپشتی دەسەڵاتێکی بۆ دەستەبەر ببێت کە بە ئاراستەیەکی دروستیدا ببات، ئەوە گرنگی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە و ئەو بەهایەی بۆ دەگەڕێتەوە، کە پێویستە هەیبێت.